# کۆماری کوردستان

## ئەحمەد دەشتی



پیرۆز بێ پیرۆز ڕیبەندانی کورد
جێگەی شانزین شەهیدانی گورد
ئەمڕۆکە ڕۆژی کۆماری کوردە
جەژنەی ئازادی هەواری کوردە
لە دووی ڕێبەندان مەهابادی من
بوو بە پایتەختی کومارەکەی من
لە موکریانی زێدی مەردانم
هەلکرا ئالآی بەرزی کوردانم
کۆماری کوردو کوردستانی من
بوو بەڕوناکی وچرای خاکی من
بۆیەکەم جار بوو لە ناو جیهاندا
پێشەواکەی کورد کۆماری جاڕدا
کۆماری بەرزی کوردستانی من
کوێری کرد چاوی دوژمنانی من
مەهاباد بووە ڕوگەی کوردستان
قەتلەیاد ناچێ یادی سەربەستان
پێشەوای مەزن وبارزانی گوردم
ئەوان نامرن قەت لە دڵی کوردم
شەهیدان هەردەم ناویان زیندووە
قوربانی گەل و خاک نەمردووە
لەو شوێنەی قازی کە لەدار درا
دوژمنان مردن و ئالأم هەلکرا
مەهاباد بووە ڕوگەی کوردستان
جێگەی شانازی ئازاو سەربەستان
کۆماری ساوای کوردستانی من
هێمای شادیە بۆ هەواری من
گشت شەهیدانی چارچراکەی من
نەمردوون زیندوون لە هەواری من
هەردەم سەربەرزن قازی وبارزانی
ڕەمزی شانازین بۆ کوردستانی